

## کاتێک ئێراق دەبێتە ڕەمزی عروبە!

## سلێمانی دەبێتە مولازیم موحسین و هەولێریش بیری سەیدول ڕەیس دەکات!

هیوا بەکر

ئەوەی لە سەیتەرەی ئارەبە زۆڵەکانی دوورل ئەمن و عەقاری نێو سلێمانی دا ڕیسوا نەکرابێت نرخی ئازادی نازانێت. ئەوەی لەسەر بەگژداچونەوەی ئیمزای بەبەعسی بوون و جلی تەلایع لەبەرکردن لە مەکتەب فەسڵ نەکرابێت تامی کوردایەتی نازانێت. ئەوەی لەسەر هەویتەك شەقی نەخواردبێت مانای کوردستانی بوون نازانێت. ئەوانەی هەموو ئەو ئازارانە و لەوەش جەرگ بڕتریان چەشت دەزانن من باسی کوێ و کێ و چ وەختێك دەکەم!
ئای چەندە تاریك بوو ئەو ڕۆژانەی پێشمەرگە لەشەودا خەریکی جاش قڕان بوون و جاش و زۆڵە ئارەبی سوننە و شیئەش خەریکی کورد قڕان.
بە بیرم دێت لەسەر شەقامی سەرچنار وەستابووم بۆ پاس کاتێك دوو سێ جەیشول شەعبی پەلیان دایە کوڕێکی داماو، کە ئێستاش ناوەکەیم لەبیرماوە و ناوی تەها بوو، تەنها لەبەر ئەوەی جلی کوردی لەبەردا بوو دایانە بەر شەق و قۆناغە تفەنگ من ئەو کاتە هەمووی دە ساڵ دەبووم لە تاودا گەڕامەوە بۆ ماڵ و ئەو ڕۆژە نەچومەوە بۆ دەوام. لە بیرمە لە کاتی مەنعول تەجەولەکەی سلێمانی چۆن شۆفلە هارەکانی بەعس کەوتنە ناو خانوەکانی لای مەعمەلی چیمەنتۆکە و بە چاوی خۆم سێ خانووم بینی هاڕەیان کرد بەسەر کەل و پەلەکانی ناوی. بە بیرم دێت چۆن خوشکەکەم لە ئامادەیی سلێمانی کچان بەشداری خۆپیشاندانی کرد و کەوتە بەر پرژەی گازی فرمێسك ڕژێنی بەعسیەکان و بە بوراوەیی هێنایانەوە ماڵەوە. بە بیرم دێت چۆن لە مفاوەزاتەکەی ٨٣ دا چەندین برادەری مەکتەبم سەرەڕای بچوکی تەمەنیان بێ سەر و شوێن کران تەنها لەبەر ئەوەی وێنەیان لە ڕێپێوانەکان و خۆپیشان دانەکانی ئەو کاتدا گیرابوو.
ئای کە شەرمە شارێك ئەو هەموو ئازارەی وا بە ئاسانی لەبیر چوو! ئای کە شەرمە لەبەر کورد ئارەبە ئاوارەکان فریا ناکەون ئاڵا قێزەونەکەیان ڕاوەشێنن!
کەوابوو ڕەوایە گەر بڵێم:
بە بیرم دێت سلێمانی دارول مولکی بابان بوو،
بەڵام ئێستا موڵکی کۆمەڵێك، گەنج و کوڕ و کاڵی سەرلێشێواو!

تێبینی/ ئەوەی سەرەوە بابەتێکی تەنز ئامێزە بەڵام ئەگەر زانستیانەتر لەمەڕ ئەو بابەتە بدوێم ئەوا دەتوانم بڵێم کە ئەوەی لەسەر شەقامەکان دەگوزەرێت تەواو پێچەوانە و دژ بە لێدوانەکانی سەرانی کوردە بە تایبەتیش ووتەکانی بەرزانی لەبارەی ئالآی ئێراقەوە. خوا فرسەتی کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی و ڕۆژنامەنوسەکان و سیاسەت مەدارەکانی وەك پیتەر گالبرێس بدات کە سالآنێکە دەیانەوێت بە گشت دنیای بسەلمێنن کە کورد خۆی بە ئێراقی نازانێت بەڵام نەزانی و ساویلکەیی کورد بە تەنها گۆڵێکی کاك هاوار هەمووی ئاوەژوو کردەوە.
ئێمە لە شارەکەی خۆمان هەموو نەتەوەکانمان ڕاهێنا لەسەر ئەو ڕاستیەی کە کورد نایەوێت ئێراقی بێت بەڵام کون لەجەرگا نەبوەکانی سلێمانی و هەولێر بۆ یەك گۆڵ سەد گوڵیان لە یەخەی دوژمن دا. تکایە بۆ بەڵگە سەیری ئەم لینکەی خوارەوە بکە:

http://www.bbc.co.uk/leeds/videonation/kurdish.shtml